







**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پلاندانان**

**دەستەی ئاماری هەرێم**

# ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان

# بۆ ساڵی 2017

**بەشی گواستنەوە و پەیوەندییەکان**

تشرینی یەکەم 2018

حكومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێم

# ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان
# بۆ ساڵی 2017

بەشی ئاماری گواستنەوەو پەیوەندییەکان
تشرینی یەکەم 2018

© تشرینی یەکەم 2018
مافی چاپکردن پارێزراوە
لەکاتی وەرگرتنی وبەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە بۆ هەر هۆیەك تکایە ئاماژە بکە بە :
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2018، **ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ** لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017
هەولێر ـ کوردستان
ماڵپەری ئەلیکترۆنی : www.krso.gov.krd
پۆستی ئەلیکترۆنی : contact@krso.gov.krd
تەلەفۆن : 0662559170 / 07508963143
زنجیرە : 66

پێشكەش....

ئاماری ڕووداوەكانی هاتووچۆ یەكێكە لە ئامارە گرنگەكانی كە دەستەی ئاماری هەرێم ساڵانە كاری لە سەر دەكات بۆبە دەرخستنی قەبارەی و كاریگەریەكانی لە سەر كەرتی هاتووچۆ لە هەرێمی كوردستان . ساڵانە دەستەی ئاماری بە هاوكاری بەرێوەبەرایەتیەكانی هاتوچۆ لە پارێزگاكان و ئیدارەی گەرمیان ئەو ئامارانە دەخاتە بەر دەست و نیشاندەری جیا دیاری دەكات وەك ژمارە و جۆری ڕووداوەكان و شوێنی ڕوودانیان و هەروەها ژمارەی قوربانیەكان .
بۆ ساڵی 2017 دەركوتووە كە ژمارەی ڕووداوەكان (3,958) بووە وژمارەی قوربانی ڕووداوەكان (7,290) كەس بوو ئەم ڕاپۆرتە وەك ڕاپۆرتەكانی ساڵانی پێشوو دەخەینە بەردەم خوینەران وە هیوادارین كار بكرێ لەسەر دستنیشان كردنی هۆیەكانی ، ئەگەر ڕێگاو بان بێ یان كەمتەرخەمی شوفێران و هۆكاری تر .
لێردا بە پێویستی دەزانین سوپاسی بەرێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆ بكەین بۆ دابین كردنی داتاكان بۆ دەستەی ئامار و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەشی ئامارەكانی گواستنەوە و پەیوەندییەكان دەكەین كە لەڕێگای بەرێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆو بەرێوەبەرایەتیەكانی ئامار سەر بەدەستەكەمان توانیان ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بكەن .

سیروان محمد محی الدین
سەرۆكی دەستەی ئاماری هەرێم

# ناوەڕۆك

| ناونیشان | ژمارەی لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشکەش | I |
| لیستی خشتەکان | III |
| لیستی وێنەکان | III |
| پێشەکی | 1 |
| ئامانج و سوودەکانی | 1 |
| شێوازی کارکردن | 1 |
| پێناسەی چەمکە ئامارییەکان | 2 |
| گرنگترین نیشاندەرە سەرەکییەکان | 3 |

لیستی خشتەکان لاپەرە

خشتەی (1) : سەرجەم نیشاندەرە سەرەکیەکانی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2017. ........................................4
خشتەی (2) : ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پۆلینی ڕێگا بۆ ساڵی 2017...................................................5
خشتەی (3) : ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی باری ڕووناکی بۆ ساڵی 2017 ...................................................5
خشتەی (4) : ژمارەی مردووان و بریندارا‌ن بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی 2017...................................................5
خشتەی (5) : ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پاریزگاو جۆری ڕووداوەکە بۆ ساڵی 2017........................................... 6
خشتەی (6) : ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2017 ...................7
خشتەی (7) : ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2017...................8
خشتەی (8) : ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2017......................9
خشتەی (9) : ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2017.................. 10
خشتەی (10): کۆی گشتی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017.......11

لیستی وێنەکان لاپەرە

وێنەی (1) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی مەترسی و سروشتی ڕووداوەکە بۆ ساڵی2017.......................................4
وێنەی (2) ژمارەی ڕووداوە تۆمارکراوەکان بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی2017...............................................6
وێنەی (3) ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەگوێرەی سروشتی ڕووداوەکە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017............11

## پێشەکی:

ناوەندی گواستنەوە بە یەکێك لە دیاردە شارستانیەکان دادەنرێت بە هۆی گەیاندنی ئەرکی گرنگ لە چەندین لایەنی جۆراوجۆری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا لە پرۆسەی گواستنەوە, لە بەرامبەردا بەرفراوانبون لە ژمارەو جۆرەکانی ناوەندەکانی گواستنەوە لە سەر ڕێگای ووشکانی. لێرەدا پرسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە شێوەیەکی زەق دەردەکەوێت کە بە هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیانی لێ دەکەوێتەوە لە نێوانیشیاندا مردووان و برینداران سەرەرای ئەمانەش زیانی ماددی لە ئەنجامی کەمتەرخەمی لە جێ بەجێ کردنی یاسا و بنەماکانی هاتووچۆ لە لایەن شوفێرانەوە وفەرامۆش کردنی هێماکانی هاتووچۆ .

دەستەی ئاماری هەرێم هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئاماری ساڵانە بۆ ژمارەو جۆری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێم (هەولێر،سلێمانی ،دهۆك، سنوری ئیدارەی گە رمیان) کە تۆمار کراون بۆ ساڵی 2017 بۆ دەوڵەمەند کردنی لایەنی توێژەرکار و سود خواز بە نیشاندەری ئاماری ساڵانە بۆ خستنە رووی زانیارییە کان لە بەردەم بریاردەران.

## ئامانج و سوودەکان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەك ناوەندی فەرمی داتا و سەرچاوەی سەرەکی داتاکان, بەرپرسی یەکەمە لە دابین کردنی داتا ئاماریەکان بۆ لایەنی بەکاربەر و یەك لە ئامانجەکانی دەولەمەند کردنی دەستەی ئامارە لە ڕووی دابین کردنی داتای جوراوجۆرەوە. بە شێوەیەکی گشتی,هەبوونی داتای ئاماری لە شوێنکی دیار کراو وەك دەستەی ئاماری هەرێم کار ئاسانیەکە بۆ بە دەست گەشتن بە داتای باوەرپێکراو و بە شێوەیەکی خێراتر. ئامانج لەم ڕاپۆرتە بۆ دەستەبەرکردنی نیشاندەرەکانی ئاماری دەربارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێم بە پێ ی جۆرو پۆلینی ڕێگاکان و پشت بەستن بەهۆکارەکانی ، جگە لە مانە خستنە ڕووی ژمارەی قوربانیان لە ئەنجامی ڕووداوەکە (مردووان وبریندارbووان).کە دەتوانرێت ئەو لایانانە سوودمەند بن بۆ ئەو لایانەی کە لە بواری هاتوچۆ کاردەکەن و ئەوانەی ئامانجیان پێشخستنی بواری گواستنەوەیە. ئەم داتایە یارمەتیدەرە دەبێت لە دارشتنی پلانەکانیان بۆ پەرە پێدان و باشتر کردنی بواری هاتوچۆ کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

## شێوازی کارکردن:

داتاو زانیارییە سەرەکیەکانی ئەم ڕاپۆرتە کۆکراوەتەوەو ئامادە کرا بە پێ ی چەند خشتەیەکی تایبەت کە دارێژراوە بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن بەشی گواستنەوەو پەیوەندییەکان لە دەستەی ئاماری هەرێم لە سەر ڕووداوەکانی هاتووچۆلە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وە بۆ بە دواداچوون و ڕێکخستنی داتاو زانیارییەکان بە هەماهەنگی لە گەڵ بەرێوەبەرایەتیەکانی ئامار لە پارێزگاکانی هەرێم وبەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ، وە لە کۆتاییدا لە بەشی گواستنەوەو پەیوەندییەکان ووردبینی بۆ داتاکان دەکرێت بۆ دلنیابوو ن لە ڕاستی و دروستی داتاو زانیارییەکان و دوای ئەمانە گرنگترین نیشاندەرە سەرکییەکان دەستنیشان دەکرێت و دەرکردنی ڕاپۆرت بەوێنە بۆ ڕوونکردنەوەی داتاکان.

پێناسەی چەمکە ئامارییەکان:

1ـ ڕێگا : شەقام یان کۆڵان یان هێڵی ئاسن یان هەر شوێنێکی کراوە کە هاوولاتی بیەوێ بگات بە جێگای مەبەست دوور بێت یان نزیك یەك ئاراستەی هەبێت یان دووان سەرەکی بێت یاخود لاوەکی یان گوند

2ـ هێماکانی هاتووچۆ: بریتیە لە زمانی لێك گەیشتن لە نێوان شوفێراندا کە لە ڕێگا جیاوازەکاندا دادەنرێت وە هەروەها وەکو شێوازی ئاگادار کردنەوە وە پێدانی زانیاری بۆ پاراستنی سەلامەتی وتەندرەستی هەر کەسێك کە ئەم ڕێگایانە بە کاردەهێنن وە ڕێکخستنی جوولە و هاتووچۆ لە سەریدا.

3ـ ئامرازەکانی گواستنەوە : بریتین لە هەموو ئەو شێوازانەی هاتووچۆ کە بە مەبەستی گواستنەوە بەکاردێن بە تایبەتی لە سەر ووشکانی وەکو ئۆتۆمۆبێل ، پاس ، ماتۆر، پاسکیل ، بارهەڵگر بێت یان نەفەر هەڵگر یان هەردووکیان

4ـ ڕووداوەکانی هاتووچۆ: ڕووداوێکە بە بێ پلانی پێشوەختە لە ئەنجامی تیژی لێخورین یان تووشبوونی ئامراێکی گواستنەوەی جوولاو یان زیاترلە گەڵ چەند ئامراێکی تری گواستنەوە یان لەگەڵ پیادە یان ئاژەل یان لەگەڵ تەن لەسەر ڕێگای گشتی تایبەت کە لە ئەنجامدا زیانی گیانی ومادی لێدەکەوێتەوە .

أـ پێکدادان : ڕوودەدات لە نێوان دوو ئامرازی گواستنەوە یان لە گەڵ تەنێکی جووڵاو یان جێگیر وەکو دیوار ،دار، ستوونی کارەبا......... لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیانی گیانی ومادی.

ب ـ وەرگەران : واتا لە دەستدانی هاوسەنگی ئامرازێکی گواستنەوە کە ڕووی سەرەوەی دەکەوێتە خوارەوەی یان دەکەوێتە سەر تەنیشت لە ئەنجامدا زیانی ماددی و گیانی لێدەکەوێتەوە .

ج ـ شێلان : پێکدادانی ئامرازێکی گواستنەوەی جووڵاو بە تەنێکی نەرم وەکو (مرۆڤ، ئاژەڵ ) لە ئەنجامدا زیانی ماددی و گیانی لێدەکەوێتەوە.

د ـ هیتر: هەموو ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندییان بە سووتانی ئامرازەکانی گواستنەوە هەیە لە کاتی ڕۆیشتندا یان کەوتنە خوارەوەی لە شوێنکی بەرز یان نقووم بوون لە ڕووبار.......هیتر .

نیشاندەرە سەرەکیەکان :

1- لە سالی 2017 ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆکە تۆمار کراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (3,958) ڕووداو بووە و لەوانە(483) ڕووداوی مردن بە ڕێژەی(12.2%) و (3,475)لەو ڕووداوانە بە بێ زیانی گیانی بووەبە ڕێژەی (% 87.8 ).

2- تۆماری ڕووداوەکانی پێکدادان لە ساڵی 2017 گەیشتە (2,389) ڕووداو بە ڕێژەی (60.4% )کە بەرزترین ڕێژە بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕووداوەکانی تر ، وەرگەڕان (729) بە ڕێژەی( 18.4%)، بەرکەوتنی مرۆڤ بە ئۆتۆمۆبێل (652) بە ڕێژەی (16.5%)،هی تر (188) بە ڕێژەی (4.7%) تۆمار کراوە.

3- ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ( 7,290 )بووەکە گیان لەدەستدان( 630)کەس وبە ڕێژەی (8.6%) و ژمارەی بریندار( 6,660 )کەس بوونە بەرێژەی (91.4%).

4- ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەری دەخەن کە زۆرترین هۆیەکانی ڕووداوی هاتووچۆ بە هۆی شوفێرەوە بووە کە دەکاتە (3,367) ڕووداوبەرێژەی (85.1%), و ئەوانەی بەهۆی ئۆتۆمۆبێل بووە ژمارەیان (127) بە ڕێژەی(3.2%), بەهۆی ڕێگاوبان (106)بە ڕێژەی (2.7%), بەهۆی سەرنشینەکان (43) ڕووداو بووە بەرێژەی(1.1%), بەهۆی پیادە (315) ڕووداوي لێکەوتەوە بەرێژەی (7.9%) .

5- ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆکە تۆمار کراون بە پێی مانگەکان, مانگی ئاب (404)ڕووداوو بەرێژەی(10.2%), مانگی ئەیلول (399)ڕووداو بەرێژەی(10.1%),مانگی تەمموز (386)ڕووداو بەرێژەی (9.8%) وکۆی ڕووداوەکان بۆ مانگەکانی تر(2,769) ڕووداو بووە بەرێژەی (69.9%).

6- بە پێی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەرکەوتووە کە لە شاری هەولێر ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ گە یشتۆتە (1,354) ڕووداو بەرێژەی (34.2%)کە بەرزترین ڕێژە بووە لە هەرێمی کوردستان بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر. پاشان پارێزگای سلێمانی(1,184) دێت بەرێژەی(29.9%), پارێزگای دهۆك (1,152) بەرێژەی (29.1%) و ئیدارەی گەرمیان (268) دێت بەرێژەی (6.8%) لە کۆی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

7- ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە لە ڕۆژدا ڕوویانداوە ژمارەیان (2,305) ڕووداوە بووە بەرێژەی (58.2%) وە لەکاتی شەودا(1,268)ڕووداو بووە بەرێژەی(32.0%), لەکاتی ڕۆژهەڵات(256) ڕووداو بەرێژەی(6.5%) و لە کاتی ڕۆژئاوادا(129) ڕووداو تۆمارکراوە بەرێژەی (3.3%).

ژمارەی ڕووداوەکان بەگوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی 2017

| هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1,354 | 1,184 | 1,152 | 268 | 3,958 |


ژمارەی ڕووداوەکان بەگوێرەی هۆکارەکانی ڕووداوەکە لەسەرئاستی هەرێم بۆ ساڵی 2017

| ڕێگا | ئۆتۆمۆبێل | شوفێر | پیادە | سەرنشین | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 106 | 127 | 3,367 | 315 | 43 | / | 3,958 |

خشتەی (1) سەرجەم نیشاندەرە سەرەکیەکانی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2017

| وردەکاری | | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| ژمارەی ڕووداوەکان بەگوێرەی مەترسیان | مردن | 207 | 134 | 129 | 13 | 483 |
| | بێ مردن | 2,182 | 595 | 523 | 175 | 3,475 |
| | کۆ | 2,389 | 729 | 652 | 188 | 3,958 |

وێنەی (1) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی مەترسی و سروشتی ڕووداوەکە بۆ ساڵی2017



خشتەی (2) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پۆلینی ڕێگا بۆ ساڵی 2017

| ووردەکاری | پۆلینی ڕێگا | ژمارە |
|---|---|---|
| ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پۆلینی ڕێگا | سەرەکی | 3,174 |
| | لاوەکی | 493 |
| | گوندی | 291 |
| | کۆ | 3,958 |

خشتەی (3) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی باری رووناکی بۆ ساڵی 2017

| ووردتکاری | باری رووناکی | ژمارە |
|---|---|---|
| ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی باری رووناکی | ڕۆژهەڵاتن | 256 |
| | ڕۆژئاوابوون | 129 |
| | ڕۆژ | 2,305 |
| | شەو | 1,268 |
| | کۆ | 3,958 |


خشتەی (4) ژمارەی مردووان و برینداران بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی 2017

| پارێزگا | مردووان | بریندارن |
|---|---|---|
| هەولێر | 219 | 1,437 |
| سلێمانی | 218 | 3,193 |
| دهۆك | 145 | 1,658 |
| گەرمیان | 48 | 372 |
| کۆ | 630 | 6,660 |

خشتەی (5) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پاریزگاو جۆری ڕووداوەکە بۆ ساڵی 2017

| پارێزگا | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەران | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| هەولێر | 821 | 222 | 297 | 14 | 1,354 |
| سلێمانی | 643 | 284 | 103 | 154 | 1,184 |
| دهۆك | 772 | 165 | 210 | 5 | 1,152 |
| گەرمیان | 153 | 58 | 42 | 15 | 268 |
| کۆ | 2,389 | 729 | 652 | 188 | 3,958 |

وێنەی (2) ژمارەی ڕووداوە تۆمارکراوەکان  بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی2017



خشتەی (6)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2017

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 63 | 15 | 20 | / | 98 |
| شوبات | 61 | 13 | 26 | 2 | 102 |
| ئادار | 62 | 13 | 26 | / | 101 |
| نیسان | 68 | 17 | 30 | 3 | 118 |
| ئایار | 72 | 23 | 24 | 1 | 120 |
| حوزیران | 63 | 9 | 19 | / | 91 |
| تەمموز | 84 | 25 | 24 | / | 133 |
| ئاب | 75 | 30 | 35 | 1 | 141 |
| ئەیلول | 88 | 16 | 33 | 2 | 139 |
| تشرینی یەکەم | 70 | 35 | 24 | 1 | 130 |
| تشرینی دووەم | 62 | 14 | 21 | 3 | 100 |
| کانوونی یەکەم | 53 | 12 | 15 | 1 | 81 |
| کۆ | 821 | 222 | 297 | 14 | 1,354 |

خشتەی (7)

ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2017

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 62 | 22 | 11 | 11 | 106 |
| شوبات | 36 | 14 | 9 | 10 | 69 |
| ئادار | 47 | 24 | 13 | 11 | 95 |
| نیسان | 52 | 25 | 6 | 11 | 94 |
| ئایار | 53 | 20 | 9 | 9 | 91 |
| حوزیران | 48 | 21 | 8 | 8 | 85 |
| تەمموز | 57 | 39 | 8 | 15 | 119 |
| ئاب | 74 | 28 | 9 | 20 | 131 |
| ئەیلول | 54 | 40 | 11 | 15 | 120 |
| تشرینی یەکەم | 63 | 27 | 8 | 13 | 111 |
| تشرینی دووەم | 61 | 13 | 6 | 17 | 66 |
| کانوونی یەکەم | 36 | 11 | 5 | 14 | 66 |
| کۆ | 643 | 284 | 103 | 154 | 1,184 |

خشتەی (8)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2017

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 66 | 8 | 9 | / | 83 |
| شوبات | 59 | 13 | 14 | / | 86 |
| ئادار | 79 | 19 | 12 | / | 110 |
| نیسان | 66 | 9 | 8 | 1 | 84 |
| ئایار | 61 | 18 | 15 | / | 94 |
| حوزیران | 64 | 15 | 10 | / | 89 |
| تەمموز | 70 | 13 | 26 | 1 | 110 |
| ئاب | 69 | 14 | 18 | 1 | 102 |
| ئەیلول | 66 | 15 | 22 | 1 | 104 |
| تشرینی یەکەم | 63 | 12 | 28 | / | 103 |
| تشرینی دووەم | 52 | 17 | 23 | 1 | 93 |
| کانوونی یەکەم | 57 | 12 | 25 | / | 94 |
| کۆ | 772 | 165 | 210 | 5 | 1,152 |


خشتەی (9)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2017

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 14 | 2 | 4 | / | 20 |
| شوبات | 13 | 2 | 3 | 1 | 19 |
| ئادار | 9 | 2 | / | / | 11 |
| نیسان | 19 | 6 | 5 | / | 30 |
| ئایار | 9 | 5 | 6 | 1 | 21 |
| حوزیران | 12 | 6 | / | / | 18 |
| تەمموز | 12 | 7 | 3 | 2 | 24 |
| ئاب | 15 | 4 | 5 | 6 | 30 |
| ئەیلول | 19 | 11 | 2 | 4 | 36 |
| تشرینی یەکەم | 11 | 7 | 6 | / | 24 |
| تشرینی دووەم | 8 | 3 | 2 | / | 13 |
| کانوونی یەکەم | 12 | 3 | 6 | 1 | 22 |
| کۆ | 153 | 58 | 42 | 15 | 268 |

خشتەی (10)
کۆی گشتی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان بۆساڵی 2017

| مانگ | سروشتی ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەران | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 205 | 47 | 44 | 11 | 307 |
| شوبات | 169 | 42 | 52 | 13 | 276 |
| ئادار | 197 | 58 | 51 | 11 | 317 |
| نیسان | 205 | 57 | 49 | 15 | 326 |
| ئایار | 195 | 66 | 54 | 11 | 326 |
| حوزیران | 187 | 51 | 37 | 8 | 283 |
| تەمموز | 223 | 84 | 61 | 18 | 386 |
| ئاب | 233 | 76 | 67 | 28 | 404 |
| ئەیلول | 227 | 82 | 68 | 22 | 399 |
| تشرینی یەکەم | 207 | 81 | 66 | 14 | 368 |
| تشرینی دووەم | 183 | 47 | 52 | 21 | 303 |
| کانوونی یەکەم | 158 | 38 | 51 | 16 | 263 |
| کۆ | 2,389 | 729 | 652 | 188 | 3,958 |

وێنەی (3) ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەگوێرەی سروشتی ڕووداوەکە لە ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017



وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.gov.krd